ڕەخنە

کاوە فەقیەزادە خاوەنی بڕوانامەی ئۆستادیارییە لە بواری ئێتنۆمووزیکۆلۆژی (ناسینی مووسیقی). ناوبراو زانستی مووسیقی لە خزمەت یووسف ڕەبیعی لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوییەوە دەسپێکرد و لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لەسەر ڕێنیمایی مامۆستا ڕەبیعی بۆ فێربوونی تکنیکی ئامێرە مووسیقاییەکان دەچیتە تاران و لە قوتابخانەی مامۆستا فەرامەرزپایوەر، و لە ژێر چاوەدێریی ئەودا و بە ڕاهێنانی مامۆستا سەعید سابت خولی تایبەتی بۆ ناسینی ئامێرە مووسیقاییەکان و ئامێری (سەنتوور )بۆ ماوەی ٨ ساڵ تێپەڕاند.

لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی چالاکییە هونەرییەکانی خۆی لە بواری کۆکردنەوەی ئەلفوبێیی مووسیقی(نۆت نووسی) و نوێکردنەوەی بەرهەمە کلاسیک و ڕەسەنەکانی کەڵە موسیقدان و گۆرانیبێژانی کوردستانی و دابەشکردنی بۆ ئامێری سەنتوور دەسپێکرد و لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٤ تا ١٣٨٨ی هەتاوی بۆ ماوەی ٤ ساڵ لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان لەسەر مووسیقی کوردی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بۆ ئەنستیتۆی کورد کردووە. هاوکات وەکوو مامۆستایەکی مووسیقی ناس لە زانکۆی هونەرجوانەکانی وەزارەتی ڕۆشنبری حکوومەتی هەرێمی کوردستان وانەی گوتوتەوە. ڕاهێنان بۆ ئامێری سەنتوور، تیوری و زانستی مووسیقی و سوڵفێژ و چاودێری بۆسەر ئۆرکێسترا و ڕیبەری ئۆرکێسترا بەشێک لە چالاکییەکانی بووە.

کاوە فەقیەزادە دامەزرێنەر و مامۆستا و بەڕیوەبەریی خولە فێرکارییەکانی مووسیقی کوردی بۆ سەنتوور بووە و خاوەنی ٣١ ساڵ ئەزموونی و ژیانی هونەرییە و هەروەها تا ئێستا ١٥ کتێبی تایبەت بە هونەری مووسیقی لە چاپ داوە و بە هەموو توانایەوە لە خزمەتی پاراستن و گەشەی مووسیقی کوردیدا بووە. ناوبراو لە درێژەی چالاکییەکان و خەمخۆرییەکانی بۆ مووسیقی کوردی لە ڕیکەوتی ١٠/٧/١٣٨٨ بە مەبەستی تەکووزی و ڕیکخستنی کەسانی خاوەنی بەهرەی مووسیقایی لە ناوچەی موکریان ئۆرکێسترای فیلارمۆنیکی موکریانی دامەزراند و توانی بە یارمەتی وەرگرتن لە هۆگرانی مووسیقی و ژەنیارانی ناوچەکانی مەهاباد ، بۆکان، پیرانشار و سەردەشت و شنۆ، بە شێوەی لۆژیکی لە چالاکییەکانی خۆیدا بەردەوام بێ.

***

## مۆسیقاناسانی کورد لە ڕوانگەی ڕەخنەوە!

نازانم تاکەی مۆسیقاناسان، ژەنیاران و گۆرانیبێژانی کورد هەر دەڵێن ئەوە مەقامی فارسە یا مەقامی عەرەبە، ئەوە ئێرانییە یا عێراقی، تورک یا ئازەرییە...!

کورد لە دنیادا ٤٠ میلیۆن کەسن، تا ئێستا ڕەسمولخەتێکی یەکگرتوویان بۆ خۆیان نییە؛ زمانی سۆرانی لە فۆنتی عەرەبی وەرگیراوە و زمانی کرمانجی لە ئینگلیسی یا فەڕەنسی. سەدان ساڵە شاعیر، نووسەر و چیرۆکنووسانی کورد لە بەشی ئەدەبیات بە زمانی دایکی شێعر، پەخشان، ڕۆمان، بەیتوباو و حەیرانیان بۆ نەتەوەکەمان بەجێهێشتووە و بەو قەناعەتە گەیشتووین کە دەبێ کار بکرێ.

بەڵام مۆسیقاری کورد هەر لەو بەینەدا ماوەتەوە کە ئەوە هی ئەم بەرەیە و ئەمە هی ئەوبەرە؛ لەم دراوسێیە ئاوا مەقام ژەندراوە، ئەوە فارسە دەزگای مووزیکی هەیە، ئەوەی دیکە عەرەبە مەقامی مۆسیقای وایە و کورد لەو بەینەدا هیچی بۆخۆی نییە!؟

ئازیزان ئەوەی ئێمەی کورد تا ئێستا نەمانناسیوە و نەماندۆزیوەتەوە چێژە، ستایلە یا زمانی مۆسیقایە؛ زمانێک کە پڕ بە پێستی مۆسیقای کورد و کوردستان بێ. "مایجەر" و "ماینەر" یا "دەزگا" و "مەقام" یا "هەوا" و "گۆرانی" کێشە نییە و ئێمەی کورد ناشتوانین پەیڕەوی تایبەت بە مۆسیقای کوردمان هەبێ کە تۆنالیتەکەی جیاواز بێ یا تۆنی دەسپێک و کۆتایی لەگەڵ هەموو دەزگا، مەقام، ماژۆر و مینۆری جیهانی جیاوازی هەبێ نە لە ناو مۆسیقای سۆرانی، نە لە ناو کرمانجیدا؛ کێشەی سەرەکی مۆسیقاناس و ژەنیارەکانن کە بە ڕەمز و ڕاز یا ڕەنگی مۆسیقای کورد شارەزا نین.

ئێمە زۆر کات دەڵێین مامۆستایانی گۆرانیبێژی وەک "سەید عەلی ئەسکەر"، "مەلا کەریم"، "سێوە"، "مشکۆ"، "ئایشەشان"، "عەلی مەردان"، "تاهیر تۆفیق"، "حەسەن زیرەک"، "محەمەد ماملێ"، "مەزهەر خالەقی"و... بەهۆی نەبوونی وڵاتی سەربەخۆ هەڵوەدای شار و وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە بوون، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی زۆری ژەنیارەکان کورد نەبوون، مۆسیقاکانیان تام و چێژی کوردی نەدەدا. مەگەر تا ئێستا گرووپە مۆسیقاناسەکان چ لە ناو کوردستان و چ لە ناو موزیسییەنەکانی دەرەوەی وڵات بەو هەموو زانستە مۆسیقایە توانیویانە خۆیان نیزیک کەنەوە و چێژی مووزیکی کورد تۆمار بکەن؛ بۆ نموونە:

ـ کامکارەکان، عەندەلیبییەکان، نازری و پوورنازرێکان هەرهەموویان لە بواری دانانی مۆسیقا، تیکنیک و ژەنیاریدا زۆر بە توانان و جێدەستیان دیارە، بەڵام زیاتر شارەزای

مۆسیقای ڕەدیفی ئێرانین و هەرکە بەرهەمەکانیان گوێ دەگری یەک سەر ستایلیان فارسییە، زۆر جاریش مۆسیقای کوردستانیان لە خزمەت تیکنیکی موزیکی فارس بەکار هێناوە، چون شارەزای چێژ و زمانی دایکی مۆسیقای کورد نەبوون بەداخەوە نەیانتوانیوە کارێکی بەرچاو بۆ مووزیکی کوردستان بکەن، چ وەک چێژ یا وەک فێرکاری و زانستی دراسی.

**وەزعی مۆسیقای کوردستان لە رۆژهەڵات**

ـ کورد لە رۆژهەڵات تا ئێستاش هیچ ئاکادێمییەکی مووزیکی وەک "قوتابخانەی مۆسیقا"، "پیمانگای مووزیکی زانستی" و "زانکۆی مۆسیقا"ی نییە، زۆربەی ژەنیارانی رۆژهەڵات لە مۆسیقای ئاکادێمی ئێران و لە مامۆستایانی مووزیکی ڕەدیفی فێری ئامێرە مۆسیقایەکان بوون. کوردی رۆژهەڵات تا ئێستاش بەقەد پەنجەکانی دەست مۆسیقاری بەتوانای نییە، ئەوەی کە هەشە زۆر جار گومانیان هەیە. ژەنیارەکانمان دەڵێن کوا خۆ کورد مۆسیقای نییە، ئەوەی کە هەمانە هەر گۆرانی و بەستە و چەند مەقامێکی بچووکە و ناتوانین بە تەواوی ئامێرەکانی پێ فێربین، بەڵام ڕەدیفی مۆسیقای ئێرانی حەوت دەزگا و پێنج ئاوازی تایبەت بە ئامێرەکانی بۆ نووسراوەتەوە و ژەنیار زۆر باش بە شێوەی زانستی فێری دەبێ.

لە باشوور زۆر مۆسیقاری بەتوانا بە زانستی مووزیکی سەردەمییانەوە کار و چالاکی و تۆماری زۆر بەرهەمی پرۆفێشناڵیان چ بە شێوازی گرووپی ئۆرکێستراڵ و گرووپی چەند کەسی و تەک ژەنی کردووە و زۆریش جێدەستیان دیارە؛ بۆ نموونە؛ ـ تیپی مۆسیقای هەولێر، تیپی مۆسیقای سلێمانی، ئۆرکێسترای سلێمانی، ئۆرکێسترای کورد، ئۆرکێسترای هەولێر، گرووپی بچووکی چەند کەسی وەک گرووپی باوەجی، گەریان، لۆڕ، مەحوی، وە زۆر گرووپی دیکە کە لە کاناڵ و میدیاکان خەریکن کار بۆ مۆسیقای وڵاتەکەمان دەکەن. دەتوانم بڵێم بە سەدان مووزیکاری باشی وەک مامۆستایان کورد قادر دیلان، ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، سەلاح ڕەئووف، نەجات ئەمین، ع. ج. سگەرمە، وریا ئەحمەد، محەمەد زازا، چەتۆ نەورۆز و... بەڵام زیاتر شارەزای مۆسیقای دراسی عەرەبی یا کلاسیکی جیهانین و کاتێک گوێبیستی بەرهەمەکانیان دەبی، زۆر بە کەمی تام و چێژی ڕاستەقینەی کوردەوارییان تێدا بەرگوێ دەکەوێ و لە بەشی ئۆرکێسترادا هەر خەریکن مووزیکی کلاسیک دێننە نێو مۆسیقای کوردییەوە. لە بەشی گرووپی چەند کەسی بەداخەوە گرووپەکان زۆر بەئیفتخارەوە ستایلی مۆسیقای ئێرانی(ڕەدیفی) یا ستایلی عەرەبی و تورکی بەکار دێنن. زۆر جاریش دەبیسین کە ئەوە فلان کەسایەتی یان مامۆستای مووزیک خەریکی کۆکردنەوەی مەقامە کوردییەکانی ناوچەی گەرمیانن یا کورد نیزیک بە ٦٠ مەقامی مۆسیقای هەیە (شایانی باسە بە نووسراوە لە بواری تێئۆری مۆسیقای کورد و پەیژە و دەزگا و مەقامەکانە کوردستان

هێندێک کار کراوە) بەڵام ئەوەی گۆبیستی بووین هەر لە گۆرانیبێژانی کۆنەوە بۆمان بە ئیرس ماوەتەوە، دڵنیاشم کە لە باکوور و رۆژئاوای کوردستانیش هەر بەو شێوەیە کار کراوە.

## وەزعی مۆسیقای کوردستان لە باشوور، باکوور و رۆژئاوا

ـ لە باشوور و باکوور و رۆژئاوا نیزیک بە پنجا ساڵە ئاکادێمیای موزیکی زانستی وەک "قوتابخانەی مۆسیقا"، پەیمانگای موزیکی زانستی" و زانکۆی مۆسیقا" لە زۆربەی زۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەشێوەی وانەی موزیکی ئاکادێمی خەباتی بۆ کراوە و هەرواش بەردەوامە. بەڵام تا ئێستاش بۆیان نەکراوە مەنهەجێکی دراسی و زانستی بۆ مۆسیقای کورد دابڕێژن کە پڕ بە پێستی موزیکی کوردستان بێ.

ـ ئێمە وەک میللەتی کورد مۆسیقایەکی زۆر تایبەتمان بە ئیرس بۆ ماوەتەوە، کە دەبێ بیپارێزین و بە باشی بەکاری بهێنین. مامۆستاکانی گۆرانیبێژمان هەریەکە و لە بواری خۆیدا زۆر باش و ڕێکوپێک ئەو میراسە بەنرخەیان بۆ پاراستووین، "دیارە کورد مۆسیقاکەی لە گۆرانیبێژەکانەوە بۆ ماوەتەوە" ئەوە ئێمەین کە دەبێ بە باشی کەڵکی لێوەرگرین و بە شێوەی زانستی و دراسی مۆسیقای زمانی دایکی بناسین و فێربین.

هیندێک خەڵک هەیە بێ ئەوەی هیچ لە مۆسیقای زانستی یا لە گۆرانی و دەزگا و مەقامەکانی کورد یان لە ئامێرە موزیکییەکان بزانێ و زانیارییەکیان هەبێ، خۆ لە بابەتێک لە بابەتەکانی مۆسیقا دەدەن، بەتایبەت گۆرانیبێژی. زۆر ئاستەمە و دەبێ بەباشی بابەتە مۆسیقاییەکانی وڵاتەکی بناسێ جا بیر لەوە بکاتەوە کە لە بواری هونەری دەنگبێژیدا کار بکا. بەداخەوە ئەوەی ئێستا بەسەرمان هاتووە زۆربەی بە هۆی ئەوە بووە کە گۆرانیبێژان لە زانستی موزیک هیچ سەردەرناهێنن و بێ ئەوەی بزانن خەریکن کاری چەندین ساڵەی ئەو مامۆستا زەحمەتکێشانەی کاریان بۆ کردووین خراپ دەکەن، تازە جیلی داهاتووش نازانن، وەدەزانن ئەوەی گوێیان لێدەبێ زۆر تەواوە، هەر بۆیە خۆلێدان لە مۆسیقای نەتەوەیی زۆر ئەرکێکی ئینسانی، زانستی و نەتەوایەتییە و بۆ هەر کوردێک کە لە کۆی ئەو زەوییە ژیان بەسەر دەبا.
ـ ئێمە دەبێ وەک وڵاتانی دیکە لە سەرەتاوە فێری زمانی مۆسیقای دایکیمان بین و لە ئەلفوبێوە حەول بدەین بە شێوەی ئاکادێمیک ئامێرەکان بژەنین و پێبەپێی زانستی مۆسیقای کوردستان لە ئەلفوبێوە تا پێشکەوتوو بە زانستێکی تەواوەوە ئامێرە موزیکییەکانی وڵاتەکەمان بناسین و کاری پێ بکەین.

ـ کورد بۆ دراسەی ڕاهێنان لەسەر پێناسەی تام و چێژی موزیکی کوردستان دەبێ خۆی لە فۆرمە مۆسیقاکان هەوێن بکا و لە چەند بەشدا موزیکەکەی بە نۆت بنووسێتەوە و بەشێوەی

زانستی کلاسی و خانەبەندی دراسی (ئەلفوبێ، سەرەتا تا مامناوەند و پێشکەوتوو) لە چەند کتێبێکدا بیخاتە بەر دەستی خۆلیایانی مۆسیقای کوردستان بۆ فێربوون و ڕاهێنانەکانی وانەی مووزیک کەلکی لێ وەرگیرێ، تا میلەتی کوردیش بەو ئامانجە گەورەیە بگا لە مۆسیقاکەیدا. فۆرمەکانی مۆسیقای کورد بریتییە لە (گۆرانی، ئاواز، دەزگا، مەقام، بەیت، بەند، هەوا، حەیران، لاوک و لاوژە، سیاچەمانە، هۆرە، چەمەرێ) و هتد، کە ناسنامەیەکی مۆسیقایە لە کوردستان و هەریەکە و تایبەت بە ناوچەیەکی کوردستانە، کە دەبێ مووزیکاری کورد بەباشی بیانناسێ و بەکاریان بێنێ.

ـ منی مووزیکار کاتێک مۆسیقای ڕەدیفی و ئاوازی ئێرانم بە ماوەی هەشت ساڵ (٧٢ تا ٨٠) لە پایتەختی ئێران (تاران) تەواو کرد و زۆریشم حەوڵ دا کە بەردەوامبم بەڵام بە ئاوڕدانەوەیەک بەسەر وڵاتەکەم گەیشتمە ئەو قناعەتە کە کار لەسەر مۆسیقای کوردستانەکەم بکەم، هەر بەو بۆنەوە زیاتر لە دە پەرتووکم (هەزار و دووسەد مێلۆدی و مەقامم بە نۆت نووسیوەتەوە) لەسەر مۆسیقای کوردستان کۆکردۆتەوە و دامڕشتووە، بەشێوەی زانستی و ڕاهێنانی مۆسیقای کوردی بۆ ئامێری "سەنتوور" و بۆ لێکۆلینەوەی موزیک کە چاپ کراون، بەڵام کوا تاکە کەسێک لە موکریان دەتوانێ ئەو خەونە دێرینەیەی چەندین و چەند ساڵەی باب و باپێرانمان بهێنێتەدی. ناسینی مۆسیقای کوردستان زۆر کارێکی زەحمەتە و کاری کەسێک یا ناوچەیەک لە کوردستان نییە، هەر بۆیە من بە وەزیفەی دەزانم و داوا لە هەموو مووزیسییەنە کوردەکان دەکەم خۆیان بپارێزن لە مۆسیقای دەورووبەر و پابەندبن بە زانستی مۆسیقایی، خەباتێک و حەولێکی باش بدەن تا ئێمەی کورد ناسنامەیەکی نەتەوایەتیمان هەبێ بۆ مووزیکەکەمان.

لە کۆتاییدا تا مۆسیقای تەواوی کوردستان پاک و پیسی لێ جیا نەکرێتەوە و خانەبەندی مەقامی، دەزگایی یا بە زمان و نووسینی کوردی بەدەزگا و مەقام بگووترێ (پەیژە و ئاواز)، یان چریکەی پەیژەی ئای ئای، پەیژەی دووگا، پەیژەی سێ گا، پەیژەی چوارگا و هتد نەکرێ و چەند ڕیوایەتێکی لە ناو هەموو مۆسیقازانانی کورد نەبێ، مووزیکی کورد هەروا پڕش‌وبڵاوە، کاتێک "خانەبەندی" کرا و بوو بە مۆسیقای کلاسیک یا دراسی، ئەوکات دەتوانین بەهەموو شێوازە مۆسیقاکان کاری لەسەر بکەین و دڵنیابین ڕۆژێک جیهانیش دەبێ.

لەگەڵ ڕێزم

کاوەفەقیەزادە- ڕۆژهەلاتی کوردستان ـ مەهاباد
kaveh_faghihzadeh@hotmail.com